


کەژاڵ ئەحمەد
وتەکانی وتن

چاپی یەکەم
1999

ناوی کتێب: وتەکانی وتن
بابەت: شیعر
نووسینی: کەژاڵ ئەحمەد
نەخشەسازیی:
بەرگ و مۆتیف:
تایپ: کەژاڵ ئەحمەد

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| کابرای ڕۆژهەڵاتی | دەستت بێنە بابیگوشم | ئافرەتێک بەچرپە وتی | تاکی دژ | وتەکانی وتن |
| ئەی سەرچاوەی خەمی گەورە | بەیتی جوامێر | گۆڕستانی جەستە | خیانەت و بچووکبوونەوە | گیرفانێکی نزیک دڵ |
| بەشێک لەحیکایەتی دڵم | بەتەنیا | پەروانەکانی هەڵەبجە | لاپەڕەکانی دەفتەرێکی نهێنی | ئەندرۆمیدا |

شاخ هێندە لووت بەرزە
دڵی لای کەس ناکاتەوە،
ئەڵێ هەرگیز خۆشەویستیم نەکردووە
فرمێسک ئەشارێتەوە،
لۆچ ئەخاتە نێوچەوانی و پێناکەنێ
بۆیە کەئەتەقێتەوە
هەموو ناخی دێتە دەرێ و
ئاوێکی ئاگرین بە چواردەورا ئەپرژێنێ
( بورکان وای وت)
شۆڕش و گەل
لەسەرەتادا وەک کوڕ و کچێ وەهان
لەسپێدەی ڕۆژانی دەزگیرانیدا
کوڕە درۆی گەورە گەورە ڕیزئەکات و
کچەش خەونی ڕەنگاڵەیی
بەو قسانەوە ئەبینێ
لەدوایدا،شۆڕش و گەل
هەمان کوڕ و کچن بەڵام
ئەبن بە ژن و مێردی یەک
ئیدی لێرەوە دیرۆکی
خیانەت و هەرا و تەڵاق دەست پێئەکات
( حزبێک وای وت)
ڕەشەبا وتی کلێشەی
ئەم دنیایەم بەدڵ نییە
هەوڵئەدەم بە وێرانکردن بیگۆڕم
پێم وت منیش وەکو تۆ بە دڵم نییە
بەڵام ئەمەوێ بە ئەوین بیگونجێنم
( شەماڵ وای وت)
دوای شەو شەو دێت
ڕۆژیش شەوە
بەڵام فانۆسی خۆرێکی جوانکیلانەی
تیا ئەسوتێ
( ئەمە قسەی شاعیرە نەک شیعرنووس)

چیدی وێنەی کافرۆشیم
پێوە مەکەن
ئیدی تەواو تێگەیشتم
شەرەفیشم کەنیزەکی کۆلۆنیالە
(دیواری ماڵێ ئەمەی وت
دیوارێکی درز تێبووی سەر
چەرمگی هەزار ساڵە)
ڕێگا نەبوو
وشەکانم بەقاچاغە ڕێدا هانیی
تەقەیان لێکردم
ئەسپەکەم بەرکەوت و
سەبەتە گوڵەکەم ڕژا
هاواریان لێکردم : تۆ کێیت ؟!.
نا ... وەڵامم نەدانەوە
چونکە ئەمزانی چەکبەدەست
قەت لە قەڵەمبەدەست ناگات!
(ئەمە قسەی شەهرەزادە)
لەنێوان ڕێگا نەبوون و
چارە نەبووندا پردێکی دێرین هەیە
کە ئەم سەری دنیاکەمان
بە ئەو سەریەوە ئەبەستێ
عەشقی ئازا هەمیشە ئەپەڕێتەوە
بەڵام عاشقی ترسنۆک
بەردەوام بەجێ ئەمێنێت
(وتن وای وت)

سلێمانی1993 –

مەعز بۆ تاک! ...
چاوی تۆ ئەگەر خۆر بووایە
ئەم دنیایەت لەسەرمان ڕەقئەکردەوە و
هەر بۆ تاکە ئەستێرەکەت
ئەستێرە و مانگی گەردوونت
ئەهێنایە شەرای مەرگ.
بۆ خاتری خاک! ...
ئەو هەڵوژە ڕەشە ئەگەر،
ژیانمانی بەدەستبووایە
لەدژی خەڵک
رۆژێ خۆی ئەکوژاندەوە و
پڤی لەئاگری چرای ڕۆحی ئەکرد
سوپاسی خەڵک
بۆ ئەو سروشتەی کە چاوتی کردووە بە بەرد
بەردێکی وا بێ بەهرە و ورد
بەردێکی بەرد،
بەردێکی سارد.

30/11/1991
ماوەت

لەبیلبیلەی، چاوی برینێکی کۆنا
ئازارێ بەچرپە وتی
من ئافرەتم
ئەم شەو ژنێ ژان ئەیگرێ
بمرێ ئەمرم
لەئاوێنەی نیگا شەکەتبووەکەیدا
وێنەی ئەو پیاوە ئەبینم
کە لەباوەشی خەودایە و
تا بەیانی لەجیاتی ئەو
ئێشک ئەگرم!
ئەم شەو شەوی دڵدارییە
من سەیری پێوەندەکانی
دەستی دڵدارەکەم ئەکەم
ئەویش سەیری ئەو فرمێسکە وێڵە ئەکات
کەبە نەزمی زرِەی زنجیرەکەی قاچم دائەبارێ
ئەو ساتانەی سەما ئەکا و
سەما ئەکەم.
ئەم شەو شەوی بووکێنیمە و
جلی سپیم لەبەرئەکرێ
ئەم شەو کچەکەم نەخۆشە
لەناو دەستی بچکۆلەیدا
بەسۆزەوە دڵم ئەگوشێ.

من نیشتمانێکی سەوزم

چەندان ساڵە بەسەر جوانیما هەڵئەدرێ
قەڵەمەکانتان بشکێنن
کەس وەکو خۆمد
مێژووی بوونم تۆمار ناکا و
ڕۆمانی خەمم نانووسێ!
ئەگەر هاتی
لەچوار چێوەی ژوورە تەسکەکەی جارانا
بۆم مەگەڕێ
ئێستا هەوری ئاسمانێکم
عەشق و شیعرم لێ ئەبارێ.
* * * *
بەنیگایە لێم ئەپرسی
کوانێ پرچە ڕەنگ ڕەشەکەت
کەی هەڵوەری ؟!
منیش زمانی بێدەنگیم زوو پێت ئەڵێ
ئێوارەیەک فرۆشتم و
کتێبێکم بۆ تۆ کڕی!
تەمەن ئەڕوا و
من بەبێ تۆ گورگ ئەمخوات
تۆش بەبێ من
توانات نابێ خۆر دابگری
گێژاوەکانی سەر زەمین لوولمان ئەدەن
با ون نەبم
با ون نەبیت

– 1986سلێمانی

*لە ژمارە(60 ) ی گۆڤاری کارواندا بڵاوکراوەتەوە.
*مامۆستا ڕێبوار سیوەیلی کردوویەتی بە فارسی و ساڵی 1997 لە کتێبێکدا کە لەئێران چاپبووە بڵاویکردۆتەوە.
*لە لایەن مامۆستا عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی یەوە کراوە بەعەرەبی و هەر لە ساڵەدا بڵاوکراوەتەوە.

دەستت بێنە با بیگوشم
ئەمڕۆ پێت ئەڵێم ماڵئاوا
بەڵام سبەینێ پێتئەگەم
جا لەرۆژی بەفربارینا ئەمبینی
لەشێرە بەفرینە ئەچم
لەوانەشە، لەڕۆژانی تەم و مژا
ونمبکەیت، ونتبکەم
ئەگەر هاتو وەکو مەسیح هەڵیانواسیم
مەپرسە بۆ و فرمێسک لەچاوتا نەبینم
دەبەرلەوەی وەکو ژاندارک بمسوتێنن
دەستت بێنە با بیگوشم
من ئەڕۆم و لەسەر پشتی ئەسپێکی ڕەش
ڕەش وەکو قژی کچان و ڕیشی پیاوانی ڕۆژهەڵات
ناوی شارەکەم ئەنووسم
تۆ سەیرێکی ئاسمانی چاوانمبکە
بزانە لەناو تروسکەی ئەستێرە بێگەردەکانیا
چۆن دایکم و خەونەکانی ،
چۆن باوکم و عەرەبانە شرۆڵەکەی باوەشئەکەم
دەبەرلەوەی خۆم بکوژم
دەستت بێنە با بیگوشم
* * *
))تەنیا جووتە پێڵاوەکەم
بەم زەمینەوەم ئەبەستێ((
کەچی خاکم گەلێ لە خۆم خۆشترئەوێ
ئەی باشە چۆن

بەرگەی ئەوینی تۆ بگرم
لەکاتێکدا ئارەزوو بیر
تەنانەت هیواکانیشمان بەیەک ئەچێ
دەبەرلەوەی ئاژەڵەکان
کەڵبەکانیانم لێ گیرکەن
دەبەر لەساتی مردنم
دەبۆ دوا جار
دەستت بێنە و
با بیگوشم.

سلێمانی1989 –

•دێڕە شیعرێکی (محەمەد ماغوت) ی شاعیرە و لە قەسیدەی (مقهی فی بیروت) وەرمگرتووە.

وڵاتی خوڕافات و داڵ
گوێڕادێرە، هاوار هەواڵ
دۆنکیشۆت زیندووبۆتەوە
ئێستا کابرای ڕۆژ هەڵاتی

بەسەر پشتی
کەرێکی شەل و سەقەتی
وەک وڵاتی عیراقەوە
سنگی لێ دەرئەپەڕێنێ و
هەڕەشە لە جیهان ئەکات
وائەزانێ سواری پشتی
ئەسپەشێی عەرەبی بووە
)ئەوان( یش من وای بۆئەچم،
سزای شێتیان لەلا نییە
گوێی پێنادەن، جا چی بووە؟
پشکۆی داخیان بۆ عاقڵ بوون
ئەنێن بە جەستەی وێرانی
ئەم کەرە ترسنۆکەوە.

کەلار21/2/1991 –

ئەی یەکەمین و
دوایەمین و
خۆشەویسترین هاوڕێم

"ئەو ئاگرەی لەدڵما نێڵە نێلیەتی
رۆژ لەدوای رۆژ گڕ ئەسێنێ
خۆ ئاسنی کوتراویش بێت ئەم دڵەی من
بەرگە ناگرێ، دڵم وەختە بتوێتەوە*"
خۆت دوور بگرە لەو ئاگرە
من ببم بە خۆڵەمێشیش بەختەوەرم
ئەگەر تۆ بمێنیتەوە.
ئەی دوایەمین و
یەکەمین و بەوەفاترین هاوڕێم
وەک دەستت لەدەستم بەردا و
گێژاوەکانی سەرزەمین
لوولیاندایت و ونیانکردی
گەر نەمردی، خواستم وایە وێنەیەکم
بڕێژیتە ناو گیرفانێکی زۆر نزیک لەدڵتەوە
هاوڕێ من ئەمەوێت بژیت
دڵت بۆ ئەبەد لێ بدات
با نزیکبم ... نزیکبم لێت
نەوەک دڵت ئەم ویستەمی بیرچێتەوە
لەئاوێنەی وێنەکەمدا
ئەشێ دیاربم یان دیارنەبم
بەڵام بۆ بەر
بارانی سەرنجی سەوزی دوور وڵاتێک
ناتوانم نیشتمان نەبم
لەو وەرزەیدا کە بۆ گیرفانی چەپت دێم
هەست بەگرانیی بارەکەی
سەر سنگی بێدارت ئەکەم
تۆ لەجێی خۆت تەواو ئەبی و
شەو تەواو بوونی بۆنییە
بەڵام کەرۆژت بۆ هەڵدێ
تۆ ئەکەوی و خۆر ناکەوێ
ئەم گەردوونە لەگەڵ مندا
دێتە ژووری گیرفانە سپیەکەتەوە
چاوی من بەرەو بەرزەخی
گشت هەستەکان و شوێنەکان و ساتەکان
راتئەکێشن.
منت بمرم!...

لەبەر وێنەی خۆشەویستیٚ
ئەم گەردوونە لەسەر سنگی
تۆ پێڵوی تەڕی لێک ئەنیٚ
شیعر کوێربیٚ!...
هەموو دنیا لەسەر دیوانی دڵەکەی تۆ ئەخەویٚ.

بەعقوبە20/10/

*کۆپلەیەکە لەقەسیدەی ( داستانی شێخ بەدرەدین ) ی نازم حیکمەت

هەواڵی کورت و درێژ و
دەنگ و باسی یەک بەیەکی ئێزگەکانم
وەکو جەستەی ئیسفەنجیی خاک
خوێنی هەموو شەهیدەکان
چۆتە ناخی وشک هەڵاتووی رۆحمەوە
بچووکترم
لەقەبارەی غەم، ناتوانم
بگەم بەهیچ
دەستەکانم بەهیچ ناگەن

کورتن ... کورت
رۆژ به رۆژ بچووک ئەبمەوە
گرژئەبم، ئەچمەوەیەک
بچووک ... بچووک ... ئەبمەوە تا...
تا نامێنم.
چونکە گیانم
خیانەت ئەکات لەمۆخی ئێسکەکانم!!

- 1/7/1990سلێمانی

یەک بەیەکی ئەم قووربانی و شەهیدانە
لەخاکی فستقیی جەستەما
تەنیا ناویان لەیەکتر جودایە
دەنا شێوە و
دەنا سۆز و
ئەدگاریان بەیەکدا چووە و
باڵایان هەر یەک باڵایە
من لێوان لێوم لەشەهید
لێوان لێوم لەتەرم، لەیاد، لەگڵکۆی ئازیزان
ئەی هاوارە...

من قوورس بووم بەفرمێسک و جگەر سووتان
بووم بەماڵی شەهید و گوڵ
باشئەزانم بۆ لەمەودوا
ئەم جەستە بچکۆلانەیەی خۆم ناتوانم
ئەزانم ... زۆر باشئەزانم
بۆ لەمەودوا
من مرۆڤم
من دایکم
من گۆڕستانم!!

31/8/1992

تیشکی زیویی
جوانەمەرگبوونی عاشقێ
رۆحی بەردینی زمناکۆی
کوناودەرکرد و ئەفرینی
تونێلێکی مەڕمەڕیی
بۆ خەونی دێرین و بێوادەی
سەفەرە سوورەکان خولقاند

تونێلێکی دیوار گریاو
بۆ پونگە بۆنخۆشەکانی
هەناسەی دڵبەری جوامێر
تونێلێکی تەواو بێدەنگ
بۆ خەڵوەتی شیعر و قانع
رووناک ... رووناک بۆ شەوەزەنگ
تاریک ... تاریک بۆ چراخان
تونێلەکەی جوامێری من*
دوور بینی ژێر سەرینی پڕ حیکایەتی دەربەندیخان
ئاه ... دەربەندی خانی خانان
شاری بەفرینی ئاگرین
هێڵیگەرمیانیی کوێستانیی و
ماڵی تۆف و قرچەی هەتاو
گەرم و ساردی بەیەکەوە بادراوی
ئاوێزان و لێکدابڕان
لێکدابڕان و ئاوێزان
لەم دنیا زۆر گچکەیەدا
شیعرم چوار کۆڵانی دیووە
کۆڵانی شۆڕەبی
کۆڵانی سنەوبەر
کۆڵانی دارەبەن
کورد بەدبەختە وەک رێڕەوی
هەر چواریان
لەم دنیا زۆر گەورەیەدا
تەنیا چوار دەربەند دەناسم
دەربەندی بازیان و
دەربەندی باسەڕە و
دەربەندی پەپوولە و
دەربەندیخان
کورد نەمرە
وەک حیکایەتی هەر چواریان
خولیای دێرینی سەفەرە ئەمخاتە ڕێ
ئارەزووی نەمریی و ئارەزووی فەنابوون
بانی دزیایی لەمندا گڕئەخوات و*
منیش بەنێو دەماری خەمەکانی ئەودا ئەگەڕێم
یەکەمجار لەبازاڕ خولە شێت ئەبینم*

ئەزانی تەواوی ئەقڵی مامە خولەیش ئەنفالە،
ئەنفالی بەعسە.
بۆیە پێی ئەڵێم چۆنیت و
لەتەکیدا وێنەیەکی رەش وسپی
بۆ یادگاریی ئەگرم و بەجێی دێڵم
بۆ شپرزەیی و وڕێنە
دێم لەدەرگای حەوشەی ماڵی
پڕ لەشەتڵە ڕێحانە ڕەشەی زێمار و
کۆستە هەمیشەییەکانی
سەلامی کوێخا عەزیز ئەدەم و*
پڕ باوەشم خۆشەویستی دائەنێم و
پڕ دنیایەک خۆڕاگریی وەرئەگرم
وەک سیروان تیژ تێئەپەڕم
ست نەسرین چاوەڕێم ئەکات*
ئاخ ... زاجلەکان پاش وەخت پێیان وتم
ئەی نازانی ، سپێدەیەک
وەک ماسی چەمی دێوانە ڕاویانکرد و
ئێوارەیەک، وەک سێ و سێنان و قەرەداغ
شەهیدیانکرد.
نیوەڕۆیەک، وەک مێژوو لەخوێنیان وەردا و
نیوەی شەوێک بەبووکیانبرد
لەم گەشتە بەژوارەدا
لەسەر هەوری بەرگ خاکیی تەنیایی و ماندووبوون
دائەنیشم...
بەدمەستانە پێکی هەوا هەڵئەدەم
وەک درەختێکی هەڵکشا و
جگەرەی هەڵم ئەکێشم
وەکو بەفری ژێر باڵەکانی خۆرەتا و
من کەژن و بێوەژن و قەسیدەیەکی ئەبەدی و جوامێرم
بوار هەبێ بەنێو قامیشی دێیەکی سووتاوی
دەربەندیخاندا
هەموو دنیا ڕائەکێشم
بەفووی ئەفسونی گۆرانیی، رۆح ئەکەمەوە بەبەری سەلیم پیرکا*
ئەڵێم واباشە بیبەمە شاخی بەمۆ
نا ئەیبەمە شاخی گوڵان
نا ... من لەزەردە دائەنێم*

دوا زەنگیانەی سەرجەمی نهێنیەکانی
بۆ ئەڕێژم
لەکۆتایی گەشتەکەمدا
ئێوە ئەڵێن سەلیم پیرک چی لێبکەم؟
بۆ کوێی بەرم؟؟
وامنیازە
شانی زیارەتبکەم و
لەنێو چاوی شیعرەکانمدا بینێژم.

دەربەندیخان 1993 –

*جوامێر: کوڕێکی بەجەرگ و ئازابووە لەکاتی دروستکردنی تونێلەکەی دەربەندیخاندا شەهیدبووە، خەڵکی ناوچەکە کارەساتی مەرگی ئەم کوڕەیان کردووە بە داستانێک و دەیگێڕنەوە، قانعی شاعیریش لەشیعرێکیدا باسیکردووە چونکە بۆ خۆی لەپڕۆژەکەدا کاری کردووە و ئەو جوامێرەی بەچاوی خۆی بینیووە.
*بانی دزیایی: ناوە کۆنەکەی دەربەندیخانە.
*خولە شێت: کەسایەتییەکی ناسراوی دەربەندیخانە و لەپاش ئەنفالەکان شێت بووە.
*سەلامی کوێخا عەزیز: باوکی چەند شەهیدێکی قارەمانە.
*ست نەسرین: بەدەستی بەعسییەکان لەزیندانەکاندا شەهیدکراوە.

هەرچی ئەڵێم ئەڵێیت سەیرە
ئەی سەرچاوەی خەمی گەورە
من مرۆڤێکی ئاسایم
بەڵام ناخم شاری گڕێ و تەم و هەورە
کەپێت ئەڵێم درەخت بۆ ڕقی لەتەورە؟
کێڵگە بۆ پاچی خۆشئەوێ؟
تامەزرۆی باران و بەفرە
ئەی سەرچاوەی خەمی گەورە
ئەڵێیت سەیرە
دە پەڕەکانی ژیانم یەکە یەکە هەڵدەرەوە
گەر تۆویی قینێکت بینی
بڵێ سەیرە
دە کونجوڕە رووخاوەکانی دەروونم بپشکنە
بێ لەگڕی خۆشەویستی و خۆری هیوا
گەر سێبەری دوو دڵیت دی
بڵێ سەیرە
دە تۆ وەرە و بەجیهانی شیعرەکانما گەشتێبکە
ئەگەر هاتوو لەئامێزی وشەکاندا
لەقووڵایی باسەکاندا
لەبڵێسەی زامەکاندا منت نەدی
بڵێ سەیرە
ئەی سەرچاوەی خەمی گەورە
ئەگەر وتم
درەختێکی باڵا کورتم
بەڵام دڵم عەشقی چیایەکی سەختە
ئەگەر وتم
من لەداخی دەور و پشتم بووم بەچەپکێ دەماری ڕووت
جەستەشم بووە بەتەختە
ئەی سەرچاوەی خەمی گەورە
دیسانەوە نەڵێی سەیرە!

1986

ئێستا شیعر دێ
بۆ ژێر ئاسمانە بێ ئەستێرەکەی
وەجاخی کوێرم
وەکو ئازیزێ
لەسەر چرپای یەک نەفەریی عومرم
لەپاڵ دەرگای کلۆمدراوی جەستەما
ڕائەکشێ...
ئاگاداری/

1-شیعری هاوڕێ
جەربەزەیی ترس و شەرم سەرئەبڕێ
2-هاوڕێی شیعر
هەرچیت ئەوێ وەرە بیبە
هەرچیت ئەوێ
بەڵام گوێتم بۆ ڕادێرە و
بیرمبەرێ
* * *
خۆشەویستم...
خۆشەویستێکم پێی وتم:
من لەتۆم دڵسۆزتر نییە
بمزانیایە
رۆژێ لەرۆژان ئەتبینم
تۆم ئەکرد بەدایک بۆخۆم
نەمدەهێشت لەدایکم ببم
لەو رۆژەوە

فێربووم ئەوەی خۆشمبوێ
ببمە دایکی، ڕێگابدەم لەمن ببێ
* * *
-جاری دووەم
کە لەدایک ئەبمەوە
داستانی ژینی ڕابردوو
یاداشتی پڕ لەئەندێشەی
تەمەنی خۆڵەمێشیی خۆم ئەنووسمەوە
-ئەمجارەیان لەمن ئەبیت
وەک نوتفەیەک
وەک تۆ وی گوڵێکی دەگمەن
وەک هەر ئەندامێکی جەستەم
ئەی تیشکی خۆری پەرجوو
لەناو تاریکیی ڕەحممدا هەڵتئەگرم
دوور لەتاوان ... درۆ ... ستەم
ئەپارێمەوە ئەمجارە
ئەم کۆرپەیەم لەبارنەچێ
نەمرم تا یەکەم لێدانی زەنگی تووڕەی
لەدایکبوونی دووەمتم گوێ لێئەبێت
هەر کەهاتیتە سکمەوە
بەچاوی گەرمیان سوێند ئەخۆم
ڕێگانادەم پیرێژنە تۆقێنەرە مامانەکانی رۆژهەڵات
گوێزانی ژەنگگرتووی پێودانگ
بەنێوانمانا بهێنن
بەنیازی ناوکبڕین
لەیەکترمان جیاکەنەوە!
* * *
ناهێڵم بەکل و کلتووری نەزانیی
ئاسۆی گەشی چاوەکانت ڕەشکەنەوە
بەسەرپۆشی ڕەش ناوچەوانت ببەستن
خەونەکانت گەمارۆدەن،
باوەڕەکەت بشکێننەوە.
* * *
خۆر پێی وتووم
ئەو ڕۆژەی لەدایکئەبی
هەر ئافرەتە و سەرپۆشەکەی دائەماڵێ

ئەچێ زامی باڵی شکاوی ئینسانی پێئەبەستێ
هەر مرۆڤە و تووشی پەتای
عەشق و خۆشەویستی ئەبێ.
* * *

بەسەر ئەسپە شێی شیعرەوە
ئەی غەمبارترین جەستە
نوێژە شیعرێ دابەستە
ساڵ دێ و ئەڕوا
لەم زەمینە شەیتانییە، پیسبووەدا
ئەم ڕۆژووەی مانگی غەمت ناشکێنی و
ئەو دەستنوێژەت نەشکاندووە
لەدەلاقەی چاوی ئەستێرەناسێک و
دووربینە سوورەکەیەوە
ئەمشەو سەیری ناخی ئاسمانم کردووە
ئەمشەو تەنانەت لەناخی ئاسمانیشدا
تەنیا (ئەندرۆمیدا) م دیووە
سەراپای دنیای دەربڕین
وەکو لغاوی ئەسپەکەت جڵەوی لەدەستتدایە
ماندوونابی هەناسەت لەسنگی ماندووبوون بڕیووە
کوا چاوی گەل ؟!
کوا چاوی من ؟!
بەدرێژایی مێژووی بوونیان
شۆڕەسوارێکی ئافرەتی ناو جیهانی
کردن و وتنیان دیووە ؟!
کام ئافرەتە لەتۆ ئەچێ ؟!
چ ئافرەتێ لەتۆ چووە ؟!
ئاگاداری/
-1گڕبەربۆتە خەرمانی جەستەی مرۆڤی
بەبۆنی وشە لەهۆشچوو
دەستت بێنە
بیکە بەبەر پشتێنەکەی
هێڵی ئیستیوای شیعردا و ڕایتەکێنە
تا جیهانی دەربڕین نەبووە بەڕەژوو
هەڵیسێنە!

-2وەرە لەچوارچێوەی تەسکی
دووبارە بوونەوە دەرچین
چاو هەڵواسە، گوێ هەڵواسە
بەدیواری حەقیقەتا
کەی بیستووتە، کەی بینیووتە
کەس بتوانێ
دووجاران لەهەمان ئاوا مەلە بکا ؟!

1990

عاشقی گوڵان ئەناسم
سپێدەیەک چوومە ماڵی
شەلاڵی شەتڵ و خونچەبوو
لەچیمەنی چاوەکانیدا پاڵکەوتم
لەگەڵ دەستی وەهما فڕیم
کەچاوم کردەوە
ئەو منیشی لەباخچەکەیدا چاندبوو!
لەوکاتەوە...

بەگەڵا و ڕەگەوە لەوێم!

دەریای شیعرم ڕێ ئەکات و
دنیای خیانەتیش لەژێر
شەوێکی قوڵدا نوستووە
سەگەکان بەمانگ دەوەڕن
بەڵام مانگ، وەکو من
بەعەوێقی ئاسمانێکی دوورەوەیە و
سەگەکانیش وەک دوژمنەکانی بەشەر
لەنزماییەوە ئەڕوانن
دەریای عەشقم ڕێ ئەکات و
نازانم بۆچی بەزەیم بەسەگەکاندا دێتەوە!
پارچەیەک ڕۆحی سڵاویان بۆ هەڵئەدەم
دەکەونە لستنەوەی زەمین
دەریای دڵم مەوج ئەدات و
دێم لەلۆجی دێڕێکمدا
بۆ ڕەفتار سەگەکان ئەگریم!
دەریای دڵم مەنگ ئەبێت و
ئەڵێم خوایە
تۆیش لێیان مەگرە، ئەوانە سەگن!

پۆلیسەکانی هاتووچۆ
ئەو ئۆتۆمبێلە ڕائەگرن
کەمنی تیام و ئەپرسن:
ئێستا بۆ شیعر نانووسی؟
نامەی بۆنداری پێشمەرگەکانی سەنگەر و
دەست و پەنجەی کرێکاری چاپخانەی ژوڕناڵەکەمان
ئەڵێن بۆ شیعرت دیار نەبوو!
لەچەقی کۆڵانە غەمبارەکەشمانا منداڵان
بەدەم ماڵە باجێنەوە
ئەڵێن تۆ بەجاران ناچی!
من ویتە ویتی نووسەر و قاچاغچی،
شەهید و زیندانییەکانیش ئەبیستم بەڵام

ئەگەر هێمنی بەرینی دلاوەر دڵی من بووایە و
ئەگەر ڕۆحم وەکو دێڕەکانی جەمال
سەبریان لێ بچۆڕیایە
هەموو کوردم دەبردە بەردەمی دەرگای
حوجرەی ئەشعاری ئەم عەسرە و
پێم ئەوتن:
بۆنی گۆرەویی ناهێڵێ بنووسم!

"بۆ دکتۆرە ضحی"

دکتۆر گیان دانم نائێشێ
بەڵام سەرتاپای ئەندامی
خێڵەکانی جەستەم گیرۆدەی نەخۆشیی عەشقە ئێشە
وەک ناتوانی چارەم بکەیت
بەڕەحمبەو ئەوە دانی سپی رۆحم هەڵیکێشە

*دکتۆرە ضحی ئەو کچە بەغدادیەبوو کە ساڵی 1991 لەبەردەم خەستەخانەی کەلاردا بەدەستی موجاهیدینی خەڵق کە پێشی سوپای بەعس کەوتبوون بۆ شکستپێهێنانی راپەڕینە مەزنەکەی خەڵکی کوردستان شەهیدکرا.

یاری من
بێستوونی بۆ کون نەکردووم
بیابانیشی نەداوە لەپێوە
لەئەستانبوڵەوە شیعری
بۆ چاوی من نەنووسیووە بەرلەچاوی نیشتمان
لەبەرئەوەی نەفەرهادە، نەنالی‌یە، نەمەجنون
بەڵام بەپێوانەکانی ئەم سەردەمە
یاری من
خۆی شاسواری لەشکری عەشقە و شای ئەڤین

لەبەرئەوەی توانی دڵم کوناو دەرکا و
بیابانی ئازارەکانم بکێڵێ و
لەزەمەنی مردن و بەجێهێشتنا
نیشتمانم بۆ بکات بەشیعر و پێکەنین!

تۆ ڕێبوار نیت
تا لەڕێ لادەی نەزانی
من خەفەت بۆئەوە ئەخۆم
خۆت کاروانیت!...........

هەینی ڕۆژێکی مردووە
لەبەرئەوەی زیاد لەپێویست
تێیدا ئەنووین، ئەخۆین و ئەحەوێینەوە
ڕۆژی هەینی بەدەرە لەتەمەن
چونکە تۆی تێدا نابینم!
هەینی زۆر بەپرسە ئەچێت
ئەوەتانێ مزگەوت پیاوان ڕائەکێشێ و
گۆڕستانەکان ژنان
ئەو رۆژە نەئەبوو هەبێ!
تا بەساتە دۆڕاوەکانی خۆماندا نەچینەوە،
ئەغیارەکان سەری پیلان دانانیان نەپەرژێ و
دۆستەکانیشمان بەتەنیانەبن

بۆت نووسیبووم
)خوا قەزای تۆ بخات لەمن! (
بۆ کوڕم، بۆ ؟!
وەک بەڵای تۆ نایەت بۆ من
خوایە بەڵام نەیەت بۆ تۆ.

ەحەزمانکرد بەیەکەوە
بەبەر بارانێکدا بڕۆین
بەجلەوە ئەچینە ژێر ئاوپرژێنی دوشەکان!
کەئارەزووشمان لەوەبوو بەیەکەوە
لەسەهۆڵەکە پیاسەیەکی لێبکەین
قۆڵ ئەکەین بەقۆڵی یەکدا و
چاوەکانمان دائەخەین!
بەنەرمی ئەکەوینە ڕێ
بەچرپە پێت ئەڵێم:
بۆچی سەیری کچان ئەکەی؟

ئەڵێی کەواتە باچاومان داخەین!
ئەڕۆین ... ئەڕۆین
خۆمان ئەدەین بەجامخانەی شیرینی فرۆشەکەدا
بەئاگا دێینەوە
ئەبینین کەپوومان
بەسەر پەنجەرەی ئەستووری ژوورەکەوە
پانبۆتەوە و!
لەتەنیایی حەوشە قەدەغەکراوەکە ئەڕوانین!
بەپەلە، پەردەکە دائەدەینەوە و
لەسەر تاقە کورسییەک دائەنیشین
ئیدی چیرۆکی ئەوینی ئەو کتێبە غەمبارەی بۆ تەواوئەکەم
کە تازە خوێندوومەتەوە!

لەدوای وەرینی گەڵاکان
نازانم چی بەدرەختی خەزان بڵێم
گریان نەبێ
لەگریانیش تێپەڕی بێدەنگیم.
لەپاش هەر تووڕەبوونێکت
نازانم چی بەخۆشەویستیی بێوێنەی
نێوان دەستەکانمان بڵێم ماتبوون نەبێ.

لەگلەیش تێپەڕی بێڕەنگیم
ژنە شۆخە هونەرمەندەکەی هاوڕێشم
بەرلەئەوەی سەفەر بکات
نەیزانی چیمپێبڵێ، نەیزانی
یاریی خۆحەشاردان نەبێ
لەخۆشەویستییش تێپەڕی
خواحافیزی نەکردنەکەی!

بەپێی تازەترین پۆلێن، کوردەکان
سەربە ڕەگەزی باڵندەن!
ئەوەتانێ لەسەر پەڕەی زەرد و دڕاوی مێژوو
کۆچەرین و بەکاروانی سەفەردا ئەناسرێنەوە
بەڵێ کوردەکان باڵندەن!
شوێنیش نەمێنێ ئازاریان بگرێتەخۆ
وەهمی گەشتی
نێوانی گەرمیانەکان و
کوێستانەکانی نیشتمان ئەدۆزنەوە
بۆیە من لام سەیرنییە
کوردەکان ئەفڕن و
وڵات بەوڵات ئەگەڕێن و هەرنابن
بەخەونێکی سەقامگیر و شارستانی!
نەهێلانە بەخۆیانەوە ئەبینن
نەلەدوا نیشتنەوەیەکیشدا
سەرێ لەمەولانا ئەدەن و ئەپرسن لەحاڵی
نەخۆشیان ئەکەن بەقووربان
تۆزی ڕێگای بادێکی خۆش مرور وەک نالی

خۆشەویستیی گوڵەباخێکی با بردوو
فرمێسکەکانی من و تۆ

لەناو دەفری فڕیوی دڵێکدا کۆئەکاتەوە و
نایرێژێتە سەر مێزەی پیلان و
شیعری فەل و قسەی فەل و ئارەقی فەل!

مانگ لەپارچە کاغەزێکی سادەدا
ئەم دێڕە سادەیەی بۆ ماڵی رۆژ
ناردبوو
)من ئەو هەموو ساڵە چاوەڕێی تۆم کرد و
ڕووم نەهات پێتبڵێم بۆچی نامهێنیت؟(
رۆژیش بەیەکێ لەئەستێرەکانا
ئەم وەڵامەی بۆ ناردەوە
)چەندین ساڵە
من خۆمت لێ ئەشارمەوە و
نامەوێ پێت بڵێم ناوێرم(!

شیعری من هەندێجار شمشێرە
سەرە گەمژەکانی دنیا
دێن و خۆیانی لێ ئەسوون
سەرە مەزنەکانی دنیاش لەپاڵیدا
وێنەیەکی ڕەش و سپی
لەپێناوی سەروەریی و نەمریدا ئەگرن
شیعری من هەندێجار قەڵغانە
کەچی هەرگیز شەڕخوازە دۆڕاوەکانی ئەم زەمانە
لەپێشەوە و ڕووبەڕوو ناجەنگن!
شیعری من هەندێجار بارانە
بەڵام دوژمنەکانی مرۆڤ تەڕنابن!
شیعری من زۆربەی جار گوڵجاڕە
بۆیە ئەڵێم:
خەنی لەخۆم
خەنی لەهەنگی قەڵەم و
پەپوولەی نەخشینی دڵم.

لەگریان تێپەڕی ڕوانینی
هێڵە ڕەشەکانی چاوی ئیستیوا
بەسۆزی ئەو دەستە سپییە
ناوقەدم توند بگرە
ئاە ... توندتر
من زەوی عەشقی تۆم
یاری من ...شەریف پاشا
لەپێکەنین تێئەپەڕێ
چاونوقانی سەرجەم ڕەنگەکانی جیهان
لەئاستی قەدەری مندا
شەڕەکانی ئەم هەرێمەم بیربەرەوە
خەونەکانی شەریف پاشا
بۆئەوەی گریان و پێکەنین نەمکوژن
شەریف پاشام بۆ بێنەوە
نیشتمانی شەریف پاشا.

گەڵایەک بەسە بەقوربان
بۆئەوەی دێڕێ لەنامەی هاوڕێیەکمان
بەبیربێنێ
کەبەرلەوەی سەفەر بکات
بۆینوسیبووین:
)بچمە هەر شوێنێکی دنیا
گەڵا-تان بۆ دەنێرمەوە(!
من و ئەویش
ئەوەندە ڕۆمانسییانە وشەکەمان لێکدایەوە
وامانزانی دوو گەڵای پایزیی وڵاتێکمان بۆ ئەخاتە زەرفێکەوە و بەبەریدی غەریبیدا
بۆمانی ئەنێرێتەوە!
کەچی (گەڵا) لەلای ئەویش
تەنانەت لەلای ئەویش هەر
)دۆلار ) بوو!
بۆیە لەگەرداوی سەختی ئەو بەدحاڵی بوونەی نێوان هەر سێکمانا
هەموو هاوڕیەتی و نامە و
تەنانەت هەواڵ پرسینیش
سەری تیاچوو.

تۆ دەزانی
شیعری ناخۆش
هەروەکو چای ناخۆش وایە
قەت ناتوانی تەواوی کەیت!

لەماچێکی بێ گوناهدا
یەکەمین قۆپچەی کراسە پەمەییەکەم
لێبۆیەوە
لەکاتی دوورینەوەیدا
عەینەکە زەڕەبینەکەی کردە چاوی و
دەرزییەکەی نێو دەستی هەر وەکو پەنجەی
هەڕەشە لێڕاوەشاندم
وتی ئەمەشیان نەخەیتە شیعرێکەوە!

تۆ ئەتوانیت تاڵییەکانی
چاو قاوە و مەی بخۆیتەوە
ئەزانی بۆ ؟
لەبەرئەوەی کچێکی وەکو من
قەندی سەر مێزی ژیانتە!

هەفتەیەکە،
پەنجەرەی غەریبیم

ڕێک بەرامبەر پەیکەرەکەی فیردەوسییە
حەوت ڕۆژ و حەوت شەوە
کورسییەکی دەوری باڵای نێو باخچەکەی
ئەمگرێتێ و ئێواران
ئەچمە ژێر بارانی دڵی و
پێی ئەڵێم:
بەیانیت باش فیردەوسیی!
دیسانەوە ئەسپە شێکەمان گلاند و
بەتەنیا جێمانهێشت
پاش ئەوەی لەبەردەم
دوا شەو و دوا نانەواخانەی کراوەی نیشتماندا
ڕاوەستاین و
وتمان یەکی دەستەوارەیەک ورەمان بدەرێ بەقووربان
نەبادا ڕۆحمان لەڕێگا تێکبشکێت و
چۆکدابدات
کەڕۆژ لەهەڵهاتندایە
ئەچم بۆلای و پێی ئەڵێم:
ئێوارەت باش فیردەوسیی!
بمبە بۆ بازاڕ و بێستوون و تاقوەسان
ئەوکاتانەیش کەنازانم شەوە یان ڕۆژ
ئەچرپێنم: شەوت باش فیردەوسیی!
چەند تەنگە ئەم دڵەم، چەند فراوانە کرماشان
دەرفەتێکم پێ ببەخشە
بۆ ڕۆشتنی باڵندەکانی خەیاڵ و
داکردنی شەستە گریان.

*مەیدانی فیردەوسیی لەشاری کرماشانە

چەند ناخۆشە دەست و خەتی
سەربوردەی عاشقێ کە منم
لەسەر دیواری ژیان
خوار و خێچە ڕووگەی ئاخ و
پێچی ئۆف و
کاروانی بێ سەر و بەری گریانم

شاشو واشە پیتەکانی
حیکایەتی حەبیبەیەک کە من نیم
لەقەسیدەی نالی یەکدا کەتۆ نیت
خاڵبەندی تیانییە ئەو عومرەی
لەجەهلا بردمەسەر
لەخەونا بردمەسەر
لەعەشقێکدا و لەڕێگایەکدا کە هەر وەکو
چرچولۆچی سیمای پیریی و
نوشتەی مەلا کوێرەکانە!

ئاهەنگەکە دەستی پێکرد
من ئەو هەموو گوڵانەم دابوو لەقژم و
هەر وەک چاوەڕێی شتێبم
برژانگە پەرۆشەکانم
لەسەریەک دانابوو
کەچاوم کردەوە
ئەو دەستی کچێکی گرتبوو بۆ سەما و
دەستەکانی پیاوێکی خوڕافی باڵا بەرز
چاوەڕێی وەڵامی دەستە شێتەکانی من بوون!

هاوڕێم تۆ وەک قەیسییەک بوویت
هەر کەویستم تامتبکەم
هاتم کرۆک و ناوەڕۆکم فڕێدایت
* * *
دۆستی دێرین تۆ هەندێجار
لالەنگیت!
لەخۆتەوە ڕووت ئەبیەوە
جاریش هەیە هەروەکو سێو
بەبێ توێکڵ و
بەتوێکڵیشەوە ئەخورێیت!
* * *

دراوسێکەم
تۆ هەر وەکو چەقۆی میوەیت!
کاتێ نییە لەسەر سفرە
ماڵی ئێمە نەبینرێیت
بەڵام ئەبێ لێمببوریت
من حەزم لێت نییە!
* * *
نیشتمانی ئازیزم بەڵام تۆ لیمۆیت
هەموو دنیا کەناوت هات
ناو دەمیان پڕ ئەبێت لەئاو
کەچی من موچڕکم پیادێت!
* * *
ئەی ئەوەی ناتناسم
بێگومانم لەوەی شووتیت
تا وەک چەقۆ بەناختا ڕۆنەچم
ناتوانم بزانم تۆ چیت!

نەگۆرانییەکەی داریوش و
نەپێشبینی و قسەکانی نۆستەردامۆس
نەورێنەی ئەستێرەناس و فاڵچییان
هیچ لەمانە
وەڵامی پرسیار و ترسی دڵت نین
تۆ بەتەنیا ئەتەوێ بزانی
لەساڵی دوو هەزاریشدا
هەر وەک ئێستا دڵدارمیت!

1998-1999
سلێمانی

ئەو منداڵانە بۆ کوێ چوون
کەزەمانێ بەرلەئێستا
لێرە دیلانێیان ئەکرد؟!
گوێچکەم پڕبوو
لەدەنگدانەوەی جریوەی بەسۆزی گۆرانی
پێکەنینیان لەنێو دڵی
ئەو قەسیدە بەختەوەرانەدا هێلانەیان چێ کرد
کەبەر لەوەرزی هەڵوەرین نووسرابوون و
نەوەی پێش بەکۆمەڵ مردن
وەک شەمامە بۆنیان ئەکرد و دواتر
بەخەندەی لێو، بەبرژانگ ئەیانخوێندنەوە
ئەوانە ڕوویانکردە کوێ
کەشەقام و کۆڵان و نێوماڵەکانی
ئەم دەڤەرەیان ئاوسکردبوو بەژیان
ئاه ...گوڵەباخ
پەروانەکانی هەڵەبجە زۆر ناموڕادانە مردن
ئاه ... پەروانە
گوڵەباخە بۆنخۆشەکانی هەڵەبجە بوون بەتەرم
"لەگەڵ کۆچی سوورا ڕۆشتن
بەهاربوو خێڵ بەرە و ژووربوو
کاتێ ڕۆشتن"
ڕاستت ئەوێ
من و تۆ غەمبارترین مەخلوقی سەر مێزەکەین!
درۆت ئەوێ
من و تۆ غەمبارترین مەخلوقی سەر مێزەکەین!
ئەڵێی ئەو بارە سێوانەین کەنەکرا
باربکرێن بۆ ئەوێ

من و تۆ نادیارترین و نهێنیترین ئامادەی سەرمێزەکەین
ئەڵێی دوو چەپکە نێرگزی بەجێماوین لەکارەسات
وەک خش و هوڕی دامێنی
کراسی ژنە شۆخێکی هەڵەبجەیی تەنیا و مات
ئای من و تۆ
نەزیفی ئازارمان، تا ئەم دنیایە دنیایە
ڕاناوەستێ
ئای من و تۆ...
رووباری فرمێسک ئەمانبات!

1996
هەولێر

•تێبینی: ئەم کۆپلەیە لەگۆرانی کۆچی یارم کۆچی سوورەوە وەرگیراوە.

کە دڵداریت لەگەڵ ئەکەم
سەنتەری ژیانی منیت
هیچ دیار نییە
هەموو دنیا سەرابە تۆنەبیت
کە دڵداریم لەگەڵ ئەکەیت
شتێکم لەشتەکانت

ئەی پیاو تۆ چەندە نەرجسییت!
❊ ❊ ❊
کە دڵداریت لەگەڵ ئەکەم
وێنەی ژنانی سەربوردەی تیرۆریشم لەبەرچاوە
ژیانمان چەند بەخەونێکی ناخۆش ئەچێ
من بەتەنیام و تۆ دیارنیت
کە دڵداریم لەگەڵ ئەکەیت
وەک تاج و کورسی و تفەنگ و
گەنجینە وەهمییەکانت پارێزراوی
من لەدێڕێ لەدێڕەکانی شۆڕشی
سپارتاکۆسەوە هاتووم
لەهەمان ماڵی مێژوودا
سەرەڕای ئەو هەموو دووری و جیاوازیانەیش
بەیەکەوە ئەگوزەرێین،
ئێمە چەند لەیەک عاجز و
چەند ئاشتیشین؟!
❊ ❊ ❊
من گوڵێک نیم لەگوڵەکانی خەیاڵی شەریف پاشا
تا ئاودان و ئاونەدانم لەچاوەڕوانیدا بمرێ
بەردیش نیم!
پەروانەیەکی بچکۆلە
حیکمەتێکی مەزنی لەلا درکاندم
وتی ئاە ... ئەی عەشق
چەند کۆیلایەتییەکی خۆشی!
❊ ❊ ❊
کە دڵداریم لەگەڵ ئەکەیت
دڵی ئەو دایکە ڕبگرە کەلەناخما ڕاکشاوە و
تۆ وەک منداڵێ ئەبینێ و
هەموو سۆزێ
ئەیخاتە حاڵەتی گریان
ئەو منداڵەیش مەڕەنجێنە
کەهێشتا هەر لەناو مندا خەریکی بووک بووکێنەیە و پێویستی بەنازی باوکە!
دە لەوکچە بزێو و خەمڵیوەیش تێبگە
کە شەڕی هزر و دیالۆگ بەمێژووت ئەفرۆشێ و
لەدڵە تەڕ و بڕەکەی ئەو پیرێژنەیش ببوورە
کە لەناو منی سەدساڵەی شێتۆکەدا

ئارەزووی چۆتە سەر کۆرپە!
پیاوەکە...
کە دڵداریت لەگەڵ ئەکەم
پێویست ناکات بەبیرت بێنمەوە
خۆت ئەزانی چۆنم و چیم

3/3/1999
سلێمانی

بەداخەوە،
بەگریان دەستپێئەکات لەدایک بوون
بۆئەوەی کە حیکایەتی
گوڵەباخی دڵمتان بۆ بگێڕمەوە
ئەبێ بەژێر بارانی گریانا بڕۆم و بەتەڕی
لەبەر سەرمای وجودا دەمبجووڵێنم
ئێوەیش بەجووڵەی خۆویستی لێوانمدا

بزانن ئەمەوێ چی بڵێم
جووڵەی دوو لێو کەڕۆڵی سەرتاپام ئەبینن و
ئەیانەوێ چیرۆکی درێژی دوو چاوتان بۆ بگێڕنەوە
کە بەر لەزریانی فرمێسک
جوانترین پەنجەرە و دەروازەی جەستەم بوون
)گریان) فەلسەفەی ژیانی ژنە، نەک چەکی
کانیی لێبووردوویی دەروونە و ئەتەقێ
بۆیە ئێمە، لەهەموو بوونەوەرەکان زیاتر گریاوین
هاوڕێکانمان شەلاڵی فرمێسکمانن
هەروەها دوژمنانیشمان!
نیشتمانمان خەڵتانی هەنیسکمانە
هەروەها هەندەرانیشمان
نازانم لەکوێوە
بچمەوە سەر حیکایەتێ
کەبەردەوام ویستوومە لەیادیبکەم
خۆمبدەم لەباسی دڵێ
کە وانەی سەبری بە(گوڵ) وتووە و
جەورخانەی گەردوونبووە
دڵێک کە گوناهی گەورەی ئەوەیە
لەشێوەی گوڵەباخێکدا خەملیوە و
بەدیدی گوڵێکیشەوە ژیاوە و وەریوە
دڵم ناڕازییە لەوەی
یارم و شیعرم و قەدەرم
پێم ئەڵێن پەپوولە!
کە دەست لەخۆمەوە ئەدەم، هەستئەکەم
چەندین و چەندین دڕک و داڵم پێوەیە
نا ...نامەوێ ببم بەتۆز
نامەوێ زوو بمرم
حەزناکەم وا بەئاسانی بگیرێم
ئاخر دوو باڵم بۆچییە؟
کە ئەو شوێنەی من ئەیخوازم جارێ نییە!
دڵم پەشێمانە لەوەی
کە پەپوولانە ژیابێت و شەیتانانە گریابێ
ئەو رۆژانەم بەنەفرەتبن
کە چەندینم ئەخستنە سەر
ئەم باڵە شەفافانەم و بەرز بەرزم ئەکردنەوە

تا ئازاریان پێ نەگەیاندبم بەخوا
نەمزانیوە مرۆڤن یان زەردەواڵە!
باشە ئیدی من باڵم بۆچییە؟!
کە گوڵانە تێئەفکرم
نەک سەگانە؟!
باشە ئەم بۆن و جوانییەم بۆچی باشن
کە وەک پەپوولەیەک ئەژیم و
ئالوودەم بەفڕین؟!
دڵی من پاش گریان ئەلەرزێ و
شەوێکی خومینیی زستانێکی قومینیی وەبیردێتەوە
کە من و برا گچکەکەم، دوو جووت جزمەی
تاکەو تاکمان هەڵئەکێشا و
بەیاننامەی کۆمەڵەمان فڕێئەدایە نێو حەوشەی
تەڕ و بڕی ماڵانەوە
سەیر بوو، زۆر سەیر
لەوسەر کە ئەگەڕاینەوە
هەر وەکو مووروویەک، کە دەستی زەنگیانەیەکی گرتبێ
خل ئەبووینەوە
لەبەردەرگای پەشۆکاوی خۆماندا
ئێستێکمان ئەکرد
لەناخەوە زەندەقمان لەهیچ نەچوو بوو
تووڕەبوونی دایکمان نەبێ!
کە ئەیوت: بەم شەوە لەکوێ بوون؟!
ئەو دەمانە ئێمە گوڵانە تێ ئەفکرین و
وەکو پەپوولەکان ئەژیاین
ئەمانتوانی وەک شەقامی سەهۆڵەکە واقیعی و
وەک سەرچنار خەیاڵیی بین
بەداخەوە، ئەم دەمانە
ئێمە ئەو پەپوولانەین کە وشک ئەکرێین و
ئەو گوڵانەشین کە لێمان ئەکەنەوە
لەیەکێ لەلاپەڕەکانی بەندی گلەیی ئەم دڵە
گوڵەباخییە نوسراوە: عەزیزم حکومەتی من
خەریکی ئەبیت بەیانەی
پیر و پەککەوتە و دیوەخانی هۆزەکان
تۆ سەرمەستی گوشینی دەستی نەزۆک و
پیرەڵۆکی فلان خێڵ و فیسار خێڵی

خەریکە ئەو دەستان ناناسیتەوە
کە وەختە هەموویان لەنائومێدیدا کۆچئەکەن!
ئێستا ئالەم وەرزە سەختەی تەمەنتدا
دووری لەگەرمایی دڵی گەنجەکان
هێندە دووری، لەدەست و خەتی گلەیی و
ئازاریان هیچ حاڵی نابیت
پیتەکانی خەون و حەزە کوژراوەکانی ئەم نەوە
نوێیانە ناخوێنیتەوە!
مەخابن حکومەتی من
حکومەتەکەی ناو دڵم
جارهەیە تۆ پێت زۆرە کە رووناکبیرێ
بەرامبەر مینبەرێ چارەکێکی
دەردی دڵی هەڵبڕێژێ
جایش هەیە
چەندین لاپەڕە و بواری ئەدەیتێ!
مەخابن حکومەتی من
ئەی جوانترین و خۆشەویستترین
حکومەتەکانی دنیا
ئەم دیوارانە لەپای چی بەدەوری خۆتدا هەڵئەچنی؟
من شاعیرم قاچاغچی نیم
لەبەردەمی هەموو دەرگاکانی خۆتدا ئەمپشکنی؟
نیگەرانمەبە حکومەتی چاوم
لەلاپەڕەی لێبووردنەکانی ئەم دڵە
پەپوولەییەدا نووسراوە:
گەردنت ئازادبێت لەهەمووی
لەوە زیاتر چی بڵێین
ئێمە گوڵانە تێئەفکرین و
وەکو پەپوولەکان ئەمرین
بەداخەوە،
هەتا ئێستایش بەزوویر بوون کۆتایی دێت
سەراپای دەربڕین
پێئەچێ دڵم نەزانێت کەدڵان ڕابگرێت
ئەو زمانەی جارێ نەدۆزیوەتەوە
کە بەوێنەی هەتوان نەرمە و
هەر پیتێکی چەندین مانا هەڵئەگرێ
نامەوێ..........

من بۆ گێڕانەوەی ئەم حیکایەتەی دڵم
کە جارێ هێشتا هیچی وام
لەم لاپەڕە زۆر بچووکانەی ئێرەدا و
لەسەر ئەم هێڵە خوارانەدا لێ نەنووسیوە
زمانێکی جیاوازم پێ ناوێ
راستییەکەی ناوێرم، من غەمبار ترم
لەوەی دەستبەرم بۆ (نوێ)
شەرمئەکەم بەم حیکایەتە کۆنەوە
لەدەرگای سەردەمبدەم و
ناتوانم سەر بڵندانە
وەک غروری نەزانەکان
بەبێ ئەم نیگەرانی و دڵە کوتێیە
بەبێ ئەم تاوە گریانانە بچمە ژوورەوە
بەداخەوە،
هەر بەگریان دەستپێئەکات تەواو بوون
من دڵم کۆتایی پێهات
بەڵام حیکایەتەکانی بەردەوامن
پێی لێ ئەنێم کەنەمتوانی
هیچ لەم رێکەوت و قەدەرانە بگۆڕم
کە ئاسمان و زەمینیان تەنیووە
ئەم باسانەشتان جارێ بۆ تەواو ناکەم
لەبەرئەوەی
من گوڵانەهەڵوەریم و
پەپوولانە وشککرام.

1999

سلێمانی